# شەونم

هۆنراوەی (53)

هرکه شد محرم دل در حرم یار بماند

هەرکەسێ مەحرەمی دڵ بوو لە حەرەمخانەی ما
لێ نەزانی دژی ئەو حورمەتە بۆ تانەی ما
گەر لە پەردەی دڵی من هاتە دەرێ عەیبی مەڵێ
خوا شوکر ئەو شک و دوودڵیە کە هەیبوو نەی ما
خەرقەیێکم هەبوو سەد عەیبی منی پۆشیبوو
نامە رەهنی مەی و بەدنێوی نەبێ لەش نەی ما
سۆفیان خەرقەکەیان لە گرەوی مەی هێنا دەر
خەرقەکەی من بە تەنێ لەگرەوی مەیخانەی ما
لە قسە و باسی ئەوینم نەدی خۆشتر دەنگێ
بیرەوەرییێکی کە لەو خێوەتە بەرپانەی ما
بۆتە شێخ لێم و لە بیری چوو چ بوو دارۆغە
هەر قسەی ئێمەیە لەو کووچە و کۆڵانەی ما
جگە لە دڵم کە ئەویندارە هەوەڵ تا ئاخر
نەشنەوتم کەسی دی بەو سفەتە جوانەی ما
هەر شەرابێکی کە لەو دەستە بلوورینەم سەند
بوو بە ئەسرین و لەسەر دیدە تەم و تانەی ما
نەخشی چین وا لە جەماڵت سەری لێ سوڕ مابوو
شوێنەوارێکی لە دیوار و لە گوێسوانەی ما
خۆی نەخۆش کردبوو نێرگس کە لە گوێن چاوت بێ
بە مرادی نەگەیی حاڵی نەخۆشانەی ما
رۆیی بۆ دیتنی زولفت دڵی حافز رۆژێ
ئیدی هەرگیز نەگەڕاوە و لە بری شانەی ما

حافزی حەقیقی